# کۆرۆنا – زانیاری بۆ دایك و باوکان سەبارەت بە رۆژانەی باخچەی ساوایان

بۆ سنووردار کردنی تووش بوون، کۆمەڵێك هەنگاومان لە باخچەی ساوایان ناوە. چراکانی هاتوچۆ بە ئاستی رەنگەکانی سەوز و زەرد و سوور ئەوە نیشان دەدەن کە کامە هەنگاوی پێشگیری لە تووش بوون لە ئەو ئاستانەی جیاواز لە باخچەی ساوایان جێ بە جێ دەکرێ. ئەمە دۆخی توش بوون لە نەروێژە کە بڕیار دەدا چ ئاستێك لە بەر چاو بگیرێ. ئەگەر دۆخی توش بوون بگۆڕدرێ، ئێمەش رێوشوێنەکانمان لە باخچەی ساوایان رێك دەخەین.

## ناردنی منداڵ بۆ باخچەی ساوایان بێ خەتەرە

ئێمە وەکوو پێشوو ویستو خواستی منداڵان بۆ پێراگەیشتنی لەش لە بەر چاو دەگرین، وە هەل و مەرجێك دەرەخسێنین کە هەمووی منداڵەکان لە باخچەی ساوایان هەست بە پارێزراوی، هاوبەشی و دڵخۆشی بکەن. ئێمە لە مەوبەر زۆر بە وردی ئاگامان لێ دەبێ کە پێشی بڵاو بوونەوە و تووشبوون بگرین. ئێمە سرنجی تایبەتمان لە باخچەی ساوایان لە سەر ئەوانە دەبێت:

- هەر کەسێك نەخۆش بێت، نابێ بێت بۆ باخچەی ساوایان
- دەستان بشۆن و بەدواداچوونی منداڵان بۆ فێر کردنی  رێوشوێنی جوانی دەست شوشتن
- راگرفتنی پاك و خاوێنی جوانی باخچەی ساوایان

## رۆژانەی باخچەی ساوایان چۆن دەبێت؟

**ئاستی سەوز:**
ژیانی رۆژانەی باخچەی ساوایان ئاسایی دەبێت، بەڵام ئێمە کە لە باخچەی ساوایان کار دەکەین، لە گەڵ یێکتری تۆقە ناکەین و یێکتری لە ئامێز ناگرین.

**ئاستی زەرد:**
کۆی بەشەکە لە گەڵ یێکتری کۆنە، و باخچەی ساوایان بۆ هەموو منداڵان ئاوەڵایە. حەساری باخچەی منداڵان دابەش دەکرێ بۆ جیاکردنەوەی گروپەکان لە یێکتری. هەر گروپێك لە منداڵەکان کاربەدەستێکی نەگۆڕی خۆی دەبێت. ئێمە گەورەکان کە لە باخچەی ساوایان کار دەکەین، لە گەڵ یێکتری تۆقە ناکەین و یێکتری لە ئامێز ناگرین.

**ئاستی سوور:**
منداڵەکان بە سەر گروپی چکۆڵەتردا دابەش دەکرێن. مومکینە کاتی ئاوەڵا بوونی باخچەی ساوایان کورت بکرێتەوە، و شیاوە کە پێویست بێ دایك و باوکان دە کاتی جیاوازدا منداڵەکان بۆ باخچەو ساوایان بێنن. گروپە جیاوازەکان لە گەڵ یێکتری مەودا دەگرن. حەساری باخچەی ساوایان دابەش دەکرێ بۆ جیا کردنەوەی گروپەکان لە یێکتری، وە منداڵەکان زۆربەی کات لە دەرێ دەبن. ئێمە گەورەکان کە لە باخچەی ساوایان کار دەکەین، لە گەڵ یێکتری تۆقە ناکەین و یێکتری لە ئامێز ناگرین.

## ئامرازی یاری لەماڵەوە لە گەڵ خۆتان مەهێنن

منداڵەکان نابێ ئامرازی یاری لە ماڵێرا لە گەڵ خۆیان بێنن. ئەگەر منداڵەکەتان ورچی یاری کردنی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کاتی خەوتن، دەتوانی ئەو لە گەڵ خۆی بێنێ. بەڵام ئەوسا زۆر گرنگە کە ئەوە بە بەر دەستی منداڵەکانی تر نەکەوێت.

ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەیە - لە گەڵ ئێمە لە باخچەی ساوایان پەیوەندی بگرن 😊